# مامۆستا مەلا موحەممەد قزڵجی بیرمەند و ڕووناکبیرێکی موکریان (لە دایک بوونی بزوتنەوەیەکی فکری لە بەغدا)

سەید موحەممەدئەمین واژی[1]

[١] م پێشنوێژی مزگەوتی عەباسئاغا، مەهاباد, mohammadwazhi1348@gmail.com

**نووسەری پەیوەندیکار:** سەید موحەممەدئەمین واژی*

**پوختە:**

بەدرێژایی مێژوو زانایانی کورد ڕۆڵێکی دیار و کاریگەریان لە بوارەکانی زانست و ڕۆشنبیری لە بەغدا هەبووە. بەغدا وەک یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی شارستانیەتی ئیسلامی، لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ناوەندێکی زانستی و کولتووری بووە لە جیهانی ئیسلامیدا. بەهۆی هەڵکەوتنی جوگرافیای کوردستان لە نێوان ئێران و میزۆپۆتامیا، بەغدا بوو بە دووەم شاری عەرەبی و پایتەختی خەلافەتی عەباسی، وەک دەروازەیەک بۆ کوردستان کاری پێدەکرد. ئەمەش کارئاسانی بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە زانستی و فیکرییەکانی نێوان زانایانی کورد و دامەزراوە و ناوەندەکانی فێربوون لە بەغدا کرد.
لە دیارترین ئەو کەسایەتیانە، زانا مەلا محەمەد قەزڵجی (١٨٩٥-١٩٩٥) بوو، کە لە شاری مەهاباد، شارێکی کوردستانی ئێران لەدایک بووە. چالاکی زانستی و لێهاتوویی فیکری سەرنجی زانکۆی ئەزهەر لە میسری ڕاکێشاوە و لەوێ بڕوانامەی بەدەستهێناوە. بەڵام تێوەگلانی لە سیاسەتدا ڕێگری لە گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ئێران کرد. بەهۆی زانستی و لێهاتوویی خۆیەوە ناسێندرا، بانگهێشتی بەغدا کرا و لەوێش سەرکردایەتی ڕێکخراوی الحودە المحمدی گرتە ئەستۆ. هەروەها دەیان وانەی بە زمانی کوردی پێشکەش کرد، کە لە ڕادیۆی بەغدا پەخش کران.
**وشەی سەرەکی:** محمد القزڵجی، بزووتنەوەی فیکری، شارستانیەتی بەغدا

## پێشەکی

مزگەوت، حوجرە و فەقێ، سێکوچکەی زانست بوون لە کوردستان. بەردەوام کانگای زانست و فێربوون و فێرکردنی زانستە ئیسلامییەکان بوون. ئەو حوجرە گڵێنانە دەیان و سەدان زانای سەر دەرچوو لە زانستەکانی شەرع و فەلسەفە و ئەستێرەناسی پەروەردە کردوە، کاتی خۆی حوجرەکانی، پەسوێ، جەڵدیان، نەڵۆس، حەمامیان، تورجان، و مزگەوتی سووری مەهاباد لە موکریان پاڵپشتی هێز و ورەی زانست بوون، لە حوجرەکانی موکریان دەتوانین ئاماژە بە کەسایەتیی وەک: ئیبنوئادەم، عەللامە مەلا عەلی قزڵجی، مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب، بکەین.

مەلا موحەممەد قزڵجی یەکێک لەو زانا کەم وێنانە بووە، حوجرەی ئەو زانایە لە سابڵاغ، مەکۆی پەروەردەکردنی دەیان بیرمەندی شەرعزان، نیشتمانپەروەر و شاعیر بووە، یەکێ لە فەقێکانی ئەو زانایە لە مەهاباد پێشەوا قازی موحەممەد بووە. یەکەم ڕۆژنامەنووسی کوردی بووە، چۆوە بۆ بەغدا و نزیکی سی ساڵ لە تاراوگە ژیاوە، لە میسر چاوی بەچەند کەسایەتی کەوتووە. لەبەغدا دەیان زانای پەروەردە و سەدان وتاری ئاراستە کردوە. خۆی ڕچەشکێن بووە، لەو وتارە جیا لەو بەشە دەپەرژێینە سەر فرەڕەهەندی ئەو کەسایەتیە، لێرەدا پێویستەبڵێم، بەڕێز محەممەد ئەحمەدیان بابەتێکی وەک لێکۆڵینەوە لە توێی کتێبێک لە ژێر ناوی "عەللامە مەلا محەممەد قزڵجی" ئامادەی چاپ کردووە بەو هیوایەی بە زوویی بڵاوبێتەوە.

### 1- بنەماڵەی قزڵجی

ئەم بنەماڵە ناسراوترین بنەماڵەی زانستی، ئەدەبی و فەرهەنگی و نیشتماندۆستی موکریان بوون، زیاتر لە دووسەد ساڵە نێو و نێوبانگیان بە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا بڵاو بۆتەوە، دەیان زانای گەورەیان لێ هەڵکەوتووە. زۆربەی زانایان و مۆڵەتپێدارەکانی زانستی دوو سەدە، لە مەڵبەندی موکریان و ئەردەڵان، بەڵگەنامەی زانستیان لە ژێر دست و چاوەدێری عەللامە مەلا عەلی قزڵجی و کوڕ و نەوەکانی بووە. بەڕێز موحەممەد ئەحمەدیان؛ دەنووسێ: "ئەوەی هەموو لەسەری یەکدەنگن ئەوەیە مەلاعەلی تورجان[1] مەلای مەلاکانی موکریانە و زانای هەڵکەوتەی ئەو دیو و ئەم دیوی کوردستانە". [موحەممەد ئەحمەدیان، 2021، ل: 108].

دەسەڵاتدارانی موکریان شانازیان بەم بنەماڵەیە کردوە، بۆ وێنە سەرداری بۆکان "حەمە حوسێنخانی سەردار" کە حاکمی سابڵاغ بووە، وەسیەتی کردووە، لە تەنیشت "مەلا حەمەحەسەنی قزڵجی" کوڕی گەورەی قزڵجی بەخاک بسپێردرێ. کە ئەمە هەڵگری گەورەیی و ئاستی بەرزی ئەو بنەماڵەیە.

شاعیری ناسراوای کورد، مامۆستا "هێمن" لەمەڕ بنەماڵەی قزڵجی دەفەرمووێ: "لە موکریان باوە دەڵێن: بنەماڵەی قزڵجی وەکو بێچووە مراوی وان، هەر لە هێلکە هاتنە دەر، مەلەوانن" مەبەستیان ئەوەیە ئەوەی لەو بنەماڵەیە بێ هەر لە منداڵییەوە زانا و پیتۆڵە، بەڕاستیش ئەو بنەماڵە بەڕێزە گەلێک پیاوی بلیمەت و زانای لێ هەڵکەوتووە، کە بێئەوە بۆ خۆیان ویستبیان ناوبانگی زانست و هونەرییان لە دنیا بڵاو بۆتەوە. [حەسەن قزڵجی، 2024، ل:8].

[1] ـ تورجان بنکەی دەرسدادانی عەللامە قزڵجی، لە نزیک بۆکان و بەری ڕۆژاوای دێهستانی تورجان هەڵکەوتووە. تورجان لە ڕۆژهەڵاتی سابڵاغ هەڵکەوتووە و دە فرسەخ لەو شارە دوورە. [محەممەد ئەحمەدیان، 2021، ل: 108]. ناوەکەی لە ئێرانی دەچێ و دانیشتووانی هەموو کوردن، ئەو دێهستانە (تورجان) لە ساڵی 1963 وە لە بۆکان جیا کراوەتەوە و کەوتووەتە سەر سەقز. [مینورسکی، وەرگێڕ: ئەنوەر سوڵتانی، 1397ی هەتاوی، ل: 53]

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12422]
- **Submission Date:** [**25/2/2026**], **Accepted Date:** [**2/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]

مامۆستا هەژار لەبارەی بنەماڵەی قزڵجی دەفەرمووێ: "بە گشتی بەرەی ماڵە قزڵجی هەر سەریان لە هێلکە جووڵایەوە عالمن ... ." [مامۆستا هەژار، 2007، ل 195]

مامۆستا هەژار کە لەشەرەفنامە دێتە سەر باسی قزڵجی سەبارەت بە بنەماڵەی قزڵجی دەنووسێ: "قزڵجە ئێستا گوندێکە سەر بە پێنجوێن لە کوردستانی عێراق. خانەدانی بەناوبانگی زانایانی قزڵجی بەو ناوەن. لە هەمووان بەناوبانگ‌تر "مەلا عەلی قزڵجی" بووە کە گەلێک کتێبی نووسیون بە تایبەت لە "مەنتیق"دا، ئێستاش مەلا موحەممەدی قزڵجی خاوەنی "التعریف بمساجد السلیمانیە" [لە بەغدایە]، جگە لە مەلا موحەممەد، لە خانەدانی قزڵجی مەلا حەمەحەسەن و مەلا حەمەحوسێنی بۆکان، کوڕانی مەلا عەلی قزڵجی". [شەرەفخانی بدلیسی، وەرگێراوی، مامۆستا هەژار،1981، پەراوێز: 209 - 210]

سەید موحەممەد حەمیدی لە ڕۆژنامەی کوردستان نووسیویەتی: "هەموو وەختێ شەست تا سەد فەقێ لە زەمانی مەلا عەلیا لە مەدرەسەکەی تورجاندا خەریکی خوێندن بوو "[سەیید موحەممەد حەمیدی، 1946، ڕۆژنامەی کوردستان]

**2- کورتەژیانی مەلا موحەممەد قزڵجی**

مەلا موحەممەد قزڵجی(تورجانی‌زادە)، کوڕی مەلا حەمەحوسێن، نەوەی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی، لە مانگی موحەڕڕەمی 1313ی کۆچی مانگی لە گەڕەکی ڕەزگەیان، نزیک مزگەوتی ڕۆستەم‌بەگ، ناسراو بە ماڵە "عەتتاری" و نزیک ئەو مزگەوتەی کە خۆم لێی مەلام، واتە مزگەوتی عەباس‌ئاغا، لە دایک دەبێ. دوای تێپەڕینی سەردەمی منداڵی دەخرێتە بەر خوێندن و سەرەتا لای باوکی دەست پێدەکا و دواتر دەچێتە بۆکان و لای مامی، واتە مامۆستا مەلا حەمەحەسەن قزڵجی، درێژە بە خوێندن دەدا. پاشان دەگەڕێتەوە شاری سابڵاغ و لای مەلا گەورەکان زانست وەدەست دێنێ، وەک: مامۆستا مەلا ڕەحمان سابڵاغی (فازیلی) و مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای بورهانی (مودەڕیسی) لە مزگەوتی عەباس‌ئاغا خەرمانی زانست کۆدەکاتەوە. لە تەمەنی هەژدە ساڵی لە خزمەت باوکی دا ئیجازە و مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێ، دەبێتە پێش‌نوێژ و مودەڕیسی مزگەوتی "حاجی سەید بایز" هەڵکەوتوو لەگەڕەکی مەیدانی مەنگووڕان لە شاری سابڵاغ (مەهاباد). پاشان دوای ئاشنا بوونی لەگەڵ سمایل‌ئاغای شکاک، (سمکۆ) دەچێتە ورمێ و لە درێژەدا دەچێتە میسر و حیجاز و عێراق و لە کۆتاییدا لە بەغدا نیشتەجێ دەبێ و هەر لەوێش کۆچی دوایی دەکات.

8ی ژانویەی 2026زایینی، سەبارەت بە چالاکی و لێهاتوویی مەلا موحەممەد قزڵجی پرسیارم لە نووسەر، مێژوونووس و لێکۆڵەری مەهابادی، بەڕێز سەیید موحەممەد سەمەدی کرد و لە وڵاما کوتیان: مامۆستا سەیدموحەممەدئەمین واژی، زۆر عەزیز و ڕێزدارم، لە دوای سڵاو و ئارەزووی تەندوستی و تەوفیقی دین و دنیای جەنابت، بە دڵ لە خودای مێهرەبان دەپاڕێمەوە کە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر سەرکەوتووتان بکا و هەروا ئیدامە بە لێکۆڵینە وە و نووسین بدەن و گەنجینەی فەرهەنگی و ڵاتەکەمان دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر بکەن. لە بارەی مامۆستا مەلا موحەممەد قزڵجی (تورجانی)، کە جەنابت فەرمووتانە پێشنوێژی مزگەوتی "حاجی سەید بایز" بووە، بەڵێ وایە و لە ساڵی 1930ی زایینی، مەجبوور بە بەجێ هێشتنی شاری مەهاباد دەبێ، لە ئینسانە هەڵکەوتەکانی کورد و کوردستانە، حەتا وەسیع‌تریش بڵێم دنیای ئیسلامە و بۆ مەهاباد جێگای شانازیە کە کەسایەتی ئاوای لێ هەڵکەوتووە. بیرەوەرێکی کە ئاماژەشتان پێکردووە، لە لاپەڕەکانی 190 - 191ی کتێبی «مێژووی زانایانی ئایینی موکریان»، نوسراوەی کاکە موحەممەد ئەحمەدیان دا هاتووە کە پرسیاری لێکردووم. ئەمن وەبیرم دێ کە تا ساڵی 1959ی زایینی، بەعزە ڕۆژێک لە بەرنامەی کوردی ڕادیۆ بەغدا وتاری ئایینی دەخوێندەوە عالەمێکی زۆر هۆگری بەرنامەکەی بوون. کە لە ساڵی 1959 زایینی کۆچی دوایی کرد، بە جێگای وی مامۆستا مەلا عومەر مەولوود دێبەگەیی لە ڕادیۆ بەغدایە بەرنامەی ئایینی بڵاو دەکردەوە. ڕووحیان شاد و یادیان بەخێر بێ"

**3- چالاکی فەرهەنگی و زانستی مامۆستا مەلا محەممەدی قزڵجی**

ئەگەر ئاماژە بە چالاکییەکانی مامۆستا بکەین جێی خۆیەتی لەپێشدا ئاماژەی بەو سەردەمە بکەین کە لە مەهاباد بووە و دوایە دەپەرژێینە سەر دەمی زێرینی لە بەغدا. بەڕێز موحەممەد ئەحمەدیان، دەنووسێ: "لە حوجرەی ئەو مزگەتە[حاجی سەید بایز لە مەهاباد] کۆمەڵێک فەقێی دیار و کراوە و سەرکەوتوو لە دەوری مەلا موحەممەدی قزڵجی خڕ دەبنەوە جیا لە خۆشەویستی ئایین، بە هەناسەیەکی ڕووناکبیری تێکەڵاوی کوردایەتی لە خزمەت ئەو مامۆستایە دەخوێنن وەک: قازی مەلامحەممەدی خزری[شنۆ]، مامۆستا مەلا هادی ئەفخەم‌زادە، [پێشەوا] قازی محەممەد، مەلا ئەحمەدی قزڵجی تورجانی‌زادە، مامۆستا مەلا ئەحمەدی جەریحی، مامۆستا مەلا حەمەدەمینی ئەحمەدیان، سەید محەممەدەمینی بەرزەنجی ـ خاڵەمین." [موحەممەد ئەحمەدیان،2021، ل: 179-180].

**4- سەفەری بێ گەڕانەوە**

لە ناو بەشێک لە ڕووناکبیران دا دەنگۆیە کە مەلا موحەممەد چەند هەنگاو بەر لە مامۆستاکان و خەڵکی ناوچە لەپێشتر بوو. دەکوترێ: مامۆستا مەلا حوسێن مەجدی [وەزیری عەدلیەی کۆماری کوردستان] و مامۆستا مەلا موحەممەد قزڵجی، هەندێ ڕا و بیر و بۆ چوونی جیاوازیان هەبووە کە بۆ زۆرێک لە مەلاکان و خەڵکی ئاسایی قوت نەدەدرا، هەر ئەوە بووە هۆی دوورکەوتنەوەی مەلا موحەممەد لە سابڵاغ، هەندەکیش دەڵێن لەبەر چالاکی کوردایەتی پەرتەوازەی هەندەران بوو نەیتوانی بگەڕێتەوە. هەندێ تر ڕایەکی جیاوازیان هەیە و دەڵێن بەوە نارەحەت بوو، بۆ دەبێ برایانی عەرەب ئەلئەزهەریان هەبێ و شیعە حەوزەی زانستی قوم و ئێمەی کورد هیچمان نەبێ. لەمەڕ ئەم بەشە، بەڕێز موحەممەد ئەحمەدیان دەنووسێ: "سەبارەت بە هۆی ئەو سەفەرە ئەوەی نووسراو و بیستراوە ئەوانە:

ئەلیف): مامۆستا بۆ مەبەستی چوونە زانستگای ئەلئەزهەر لە میسر ئەو سەفەرەی کردووە.

ب): ئەو سەفەرە پێوەندی بە بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەی "کورد" هەبووە.

ج): بۆ هاوبەشی حیزبی "هیوا" چۆتە دەرەوەی ئێران و نەگەڕاوەتەوە.

د): لەبەر هێندێک بیر و بۆ چوونی ڕووناکبیرانەی ئایینی و کۆمەڵایەتی سابڵاغی بەجێ‌هێشتووە کە ئەو بیر و بۆچوونانە لەو کاتە لە موکریان بۆ زۆر کەس قووت نەدەدران" [محەممەد ئەحمەدیان، 2021، ل: 189- 190].

بیستوومه دوای گەڕانەوە لە زانستگای ئەلئەزهەر شەش مانگێک لە عێراق هەڵوەداو و ئاوارە دەبێ و تا ئەوەی لە خانەقای بیارە دەگیرسێتەوە.

مامۆستا مەلا کەریم مودەڕریسی لە کتێبی "سەدەیەک تەمەنی نوورین" دەنووسێ: "ساڵی 1391ی زایینی، لە مەوسیمی ئەوەڵی هاوینا لە مانگی سەفەرا "مەلا محەممەدی قزڵجی" دوای گەڕانەوەی لە میسر و "جامیعولئەزهەر" واریدی بیارە بوو، مامۆستا شێخ عومەر "ئیبنوقەرەداغی" مامۆستام نامەی بۆمن نووسیبوو کە خزمەتی "مەلا محەممەدی قزڵجی" بکەم. ماوەی چوار مانگ لە بیارە مایەوە، لە حوجرەی مەدرەسەدا لە مەنزڵی منا دانیشت، بە هەموو نەوعێ شێخی بیارە "شێخ عەلائەددین" حورمەتی ئەگرت.

ساڵی (1350ی کۆچی) لە مانگی شەعباندا شێخی بیارە کەوتە ڕێگە بۆ شاری بەغدا، من و شێخ بابا ڕەسووڵی عەبابەیلی لە خزمەتیا کەوتینە ڕێ بۆ ئەم سەفەرە "مەلا محەممەدی قزڵجی"ش بە عەزمی ئەوە لەگەڵ شێخ دابێت بۆ بەغدا وەڕێ کەوتین، شێخ زۆر بە هاتنەکەی مەسروور بوو گەیشتینە بەغدا... . ڕۆژێ لە پێش مانگی ڕەمەزانا مەرحوومی "ملک‌فیصل" شێخی دەعوەت کرد، کاتێ شێخ تەشریفی برد، من و شێخ بابا ڕەسووڵ و مەلا محەممەدی قزڵجی لە خزمەتیا ڕۆیشتین، لە کاتی زیارەتا شێخ، موعەڕڕیفی مەلا محەممەدی کرد، بەیانی ئەوەی کرد ئەم زاتە لە "بەیتولعیلم"ـە، ساڵەها لە میسر ڕایبواردووە، بۆ زیادە مەعلوومات لەویا مەلیک فەیسەڵ پرسیاری کرد لە مەلا محەممەد:"كيف وجدتَ مصرَ؟ قال وجدتها مملكة راقيةً بالعلم، مزدهرةً بالثقافةِ، و أسألُ اللهَ ان يجعل العراق بحيثُ تَحَذو حذوَ ها.

فقال الملك: ان مصر بالنسبة الى العراق عريقةً بالمدينة والعراق طفلة.

فقال القزلجي: ولذلك ارجوها رَقاها فان الطفلةَ اذا وقعت تحت تربيةِ مربّ مُحَنّكٍ يسرعُ رقاها. فاعجبَ الملكُ بجوابه و رَحّب به كثيرا... . [مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس ،2007- زایینی - 1428کۆچی، ل:44-46].

دەقی نامەکەی عەلامە شێخ عومەر "ئیبنوقەرەداغی" بۆ مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕریس: "جناب فضائل مآب حبيبى ملا عبدلكريم، صحت و موفقيت آن جناب را از حق تعالى مى‌خواهم، نمى‌دانم جناب فاضل محقق ملا محمد ترجانى‌زاده در آنجا مانده يا نه؟ اگر مانده عرض دعا و سلام من را به خدمتش تبليغ فرموده، چون معلوم نبود كه در آنجا است كاغذ مخصوصى به خدمتش ننوشتم، از احوال و افكارش من را مطلع فڕمائيد... الداعى ابن القرەداغى عمر، 26 - ربيع الآخر 1350"[2] [مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕریس، 1394ی هەتاوی، ل:327]


**5- ڕۆژنامەی کورد و هەستی نیشتمان دۆستی**

بێ شک مەلا موحەممەد قزڵجی، لە کۆردستانی ڕۆژهەڵات، یەکەم کەس بووە ڕۆژنامەگەری کوردی داهێناوە، دیارە یەکەم کەس لە ڕۆژنامەگەری لە ئەستەمبوڵ "پیرەمێرد" بووە لە میسر و سوریە "بەدرخانێکان" و لە باشووری کوردستان "عەلائەددین سەججادی" و "حوزنی موکریانی" بووە. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات مەلا موحەممەد قزڵجی یەکەم کەس بووە. دوکتۆر "هیمداد حوسێن" کە تێزی دوکتۆراکەی لەسەر ڕۆژنامەوانی کوردیە لەم بارەوە نوسیویەتی: "یەکەمین چاپخانە و ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لە سەر دەستی مەلا موحەممەد تورجانی‌زادە (قزڵجی) کە هەرخۆی لە ڕۆژنامەی "کورد"ی سەردەمی شۆڕشی سمکۆی شکاکدا هەموو کارێکی ئەنجام داوە دەستی پێکرد" [د. هیمداد حوسێن، سلێمانیە، سەردەم، 2002، ل: 67، و محمد تمدن، 1305ش، ص: 370].




[2] ـ جەنابی خاوەن شکۆ، خۆشەویستم مەلا عەبدولکەریم، لەش‌ساغی و سەرکەوتویتان لە خوای میری مەزن بۆ دەخوازم. نازانم بەڕێز زانا و لێکۆڵەر مەلا محەممەد تورجانی زادە لەوێ ماوە یا نا؟ ئەگەر لەوێ ماوە سڵاو و دوعای منی پێبگەیەنە، چونکە نەمدەزانی لەوێیە دەنا نامەی تایبەتیم بۆ دەنارد، لە بارودۆخی ژیان و ئەحواڵیان، من ئاگادار کە. الداعی ابن القرداغی عمر.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12422]
- **Submission Date:** [**25/2/2026**], **Accepted Date:** [**2/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]




*وێنەی ڕۆژنامەی کورد،* [د. عومەر عەبدولعەزیز، 2015، ل: 429].

*1.5. دوو بابەت بۆمن جێی پرسیارە!*

**- پرسیاری یەکەم**: لە کوێ و چۆناوچۆن مەلا موحەممەد قزڵجی لەگەڵ سمایلئاغای سمکۆ ئاشنا بووە؟ و بیری نەتەوایەتی مەلا موحەممەد لە کوێدا چەکەرەی پەیدا کردوە؟!

بەر لەوە ئەو بابەتە باس بکەم پێمخۆشە ئاماژە بەم شێعرە نیشتیمانییەی مەلا موحەممەد قزڵجی بکەم کە لەژێر سەردێری "هەی وای وەتەن" کە تەواو نیشتیمانیە، دەڵێ:

هەی تازە جەوان، هەستە لە غەفڵەت ببە بێدار
دەستێ بدەرە دەستەیی شمشێری شەرەردار
ئەو مەوتەنی واڵایە، کە چاتر لە بەهەشتە
قوربانی بکە روح و حەیات و زەڕ و دینار
...... . لە درێژەی ئەو شێعرەدا تر دەڵێ:
بۆ حیفزی وەتەن هەستە کەمەر بەستە بە زوویی
ئەو خاکە هەموو دەستە گوڵە، مەیدە بە ئەغیار
بڕوانە لە هەر لا بە چ جۆر میللەتی کوردان
مەحکووم و ئەسیرن، کە نەما پایە و میقدار
وەی میللەتی پڕ غیرەتی کورد وەختی قیامە
بۆ حیفزی سەر و دین و وەتەن لازمە هاوار
یەک دەفعە بدەن دەستی تەوافوق بە سەداقەت
ئەمڕۆکە بکەن هیممەتی مەردانە فیداکار ... .
[گیو موکریانی، 1988، بەرگی 2، ل: 176-177]

بەڕێز موحەممەد ئەحمەدیان دەنووسێ: "لە مەڵبەندی موکریان شاعیرێک ناناسین بەر لە مەلا موحەممەد قزڵجی (تورجانی) شێعری نیشتیمانی دانابێ، بێ گومان، ئەگەر "مەحموود زامدار" ئاگاداری ئەو پارچە هەڵبەستە با، لە لاپەڕی هەوەڵی کتێبەکەی "شێعر و بەرهەڵستی و ڕاچەنین لە کوردستانی ئێراندا" وەک هەوەڵین پارچە شێعری ڕاچەنین بڵاوی دەکردەوە." [موحەممەد ئەحمەدیان، 2021، ل: 188].

دوای ئاماژە بەم هەڵبەستە ئەوەی بۆمن جێی پرسیار بوو لە کوێ و چۆناوچۆن مەلا موحەممەد لەگەڵ سمایلئاغای سمکۆ ئاشنا دەبێ تا ئەوە بە خۆشێوە لە نووسینی، نووسەر و لێکۆڵەر، د. عومەر عەبدولعەزیز چاوم پێکەوت و نوسیویەتی: "بەڕێز "عەبدولحەمید" حوسێنی ناسراو بە (سەپان کوردیی) لە ئاقاری بیرەوەرێکانی مامۆستا مەلا هادی باوکیدا کە قوتابی مەلا ئەحمەد تورجانی بۆ قزڵجی بووە و لای ئەو ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. بۆی گێڕامەوە و وتی: باوکم بۆی گێڕامەوە کاتێک سمکۆ ئابڵۆقەی شاری سابڵاخی دا و چەکدارەکانی کەوتنە تاڵانی بەشێک لە سابڵاخ، زۆربەی خەڵکیی ترسان و نەیانئەزانی چۆن ڕووبەڕوی سمکۆ و لەشکری شکاک ببنەوە. تەنها مەلا محەممەد بوو لەگەڵ ئەوەدا مەلایەکی گەنجی تازە پێگەیشتوو بوو، بەڵام زۆر بوێرانە لێی چووە پێشەوە و لەسەر (تەپەی مەحموودکانی) پێی گوت: واز لە تاڵان و وێرانکردنی سابڵاخ بێنە. خەڵکی ئەم شارە دژی تۆ نین. تۆ خۆت بە سەرکرووەیەکی کورد دەزانی، چۆن ڕێ دەدەی ئەم شارە تاڵان بکرێت؟ لەباتی ئەوە بۆ هێرش نابەیتە سەر شاری تەورێز کە براکەت و چەندینی تریان لێ کوشتی ...؟ دەڵێ: سمکۆ کەوتە ژێر کاریگەریی قسەکانی مەلا محەممەد و کوتی: جاڕ بدەن هەرچی شکاک هەن کە چوونەتە ناو سابڵاخ بێنە دەرەوە، چونکە ناو شار تۆپباران دەکەم! مەلا محەممەد وتی: تۆ چی دەڵێی؟ وادیارە لەمن تێنەگەیشتووی؟ سمکۆ پێی دەڵێ: زۆر باش تێگەیشتم. ئەگەر وا نەڵێم ئەو چەکدارە (شکاک)انەی چوونەتە ناوشار نایەنە دەرە، شار خاپوور دەکەن... . سمکۆ دەستی مەلا محەممەد ماچ دەکا و پێی دەڵێت: کەس وەکو تۆ ڕاستگۆ و دڵسۆز نەبووە لەگەڵ مندا. وادیارە لەم ڕووداوە سمکۆ دەبێتە ئاشنا و دۆستی مەلا محەممەد، دواتر داوای لێدەکا کە ببێتە ڕاوێژکاری و هاوکاری بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەکەی." [د. عومەر عەبدولعەزیز، 215، ل: 96-97].

**تێبینی**: لەم دیمانەی مامۆستا دوو هەڵەی چووکەی تێدا دەبینرێ، یەکەم، باوکی بەڕێز عەبدولحەمید حوسێنی، خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا سەید هاشم بوو، نە مامۆستا مەلا هادی، دووهەم: مامۆستا مەلا سەیید هاشم لای مامۆستا مەلا ئەحمەد تورجانی برای مەلا موحەممەد قزڵجی ئیجازەی مەلایەتی وەنەگرتووە؛ بەڵکە مامۆستا مەلا سەید هاشم لەگەڵ مامۆستا مەلا ئەحمەد تورجانیزاد(قزڵجی) هاوفەقێ و پێکەوە لای مامۆستا مەلا موحەممەدی قزڵجی ئیجازەی مەلایەتیان وەرگرتووە، بۆ ڕوونکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی ئەم بابەتە، پێنجشەممە، 29ی ژانویەی 2026ی زایینی، پێوەندیم بە کاک موحەممەد هیوا ئیبراهیمی، خوشکەزای بەڕێز عەبدولحەمید حوسێنی و نەوەی مامۆستا مەلا سەید هاشم گرت، ئەمەیانی بۆ پشت ڕاست کردمەوە.

بەڵام بەڕێز محەممەد ئەحمەدیان ئاوا دەنووسێ:هەر ئەو سۆزە بۆتە هۆی ئەوە ساڵی (1300)ی هەتاوی، واتە ساڵی 1340ی کۆچی، لەو کاتەدا کە 27 ساڵی تەمەن بوو. لە نێو ئەو هەموو مەلا

و میرزا و خوێندەوارانەی کوردستانی ئێران، لە لایان سمایلئاغای (سمکۆ) داوای لێدکرێ بچێتە "ورمێ" ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی ـ فارسی بڵاو بکاتەوە، دیارە سمایلئاغا دوای پرسیار و ڕاوێژ ئەو مەلایەی بۆ ئەو ئەرکە هەڵبژاردووە، مەلا محەممەدی قزڵجی (تورجانی) ئەو داوایە بە گیان و دڵ وەردەگرێ و ئەو ئەرکە وەئەستۆ دەگرێ." [محەممەد ئەحمەدیان، 2021، ل: 184].

**ـ پرسیاری دووهەم:** گەلێ جار پرسیارم بۆ دەهاتە پێش، هەندێ زانای موکریان وەک پێشەوا قازی موحەممەد، مامۆستا مەلا هادی ئەفخەمزادە، قازی خزری شنۆ و خاڵەمینی شاعیر مەلا ئەحمەدی تورجانیزادە و دەیانیتر لە مەلا باشەکانی موکریان، ڕوانگە و بیرکردنەوەیان سەبارەت بە کۆمەڵگا و زانست جۆرێ تربووە، یا باشتر وایە بڵێم چەند هەنگاو بەر لە کۆمەڵگا هەنگاویان هەڵێناوە، بە پێی هەندێ لێکۆڵینەوە بۆم دەرکەووت سەرچاوەکەی هەبوونی کەسایەتی مەلا موحەممەد قزڵجییە، کە خۆی قوتابخانەیەکی ڕووناکبیری ئایینی لە موکریان بووە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، دیارە ئەویش، واتە ئەم هزر و فکرەی لە جێگایەکەوە سەری گرتووە.

هەر وەها هەندێ لە کەسایەتیە ناودارەکانی کوردستانی باشوور و وڵاتی عێراق کە ئاماژەی پێدەکەم.

ـ سێشەممە، ڕێکەوتی 20ی ژانوییەی 2026ی زایینی لە پێوەندی لەگەڵ دۆستی خۆشەویستم، نووسەر و لێکۆڵەر و نووسەری کتێبی: پێشەنگانی بیرووباوەڕ، مێژووی زانایانی ئایینی موکریان، بەڕێز موحەممەد ئەحمەدیان، کە تەشریفیان هێنا بۆ مزگەوتی عەباسئاغا چەند پرسیارم سەبارەت بە کەسایەتی مەلا موحەممەد قزڵجی ئاراستە کرد و فەرمووی: "لەسەفەری ئەوساڵمان بۆ سنە و بۆ بەشداری لە فیستیڤاڵی قەڵەمی هەژار، کە تۆش بەشداری ئەو ڕێوڕەسمە بووی؛ بەڵگەیەکی نایابم لە لایان بەڕێز "عەبدوڕەحمان موئەیەد"ـەوە وەدست کەوت، کە نیشان دەدات مەلا موحەممەدی قزڵجی هەر ئەوکات لە مەهاباد بووە پێوەندی بە دەرەوە و هەبووە و کەسایەتێکی ناسراو بووە، ئەو بەڵگەیە "تقریظ"ێکە کە لە لایان مەلا موحەممەد قزڵجی لەسەر کتێبی "گلنبوی برهان" نووسیویە کە لە لایەن "فرج الله زكی الكردی" لە میسر چاپ کراوە و لە لاپەڕەی (419) دا و لە ساڵی 1930زایینی لە ژێر سەردێری "تقريظ العالم العلامه و المحقق الفهامة الشيخ محمد الترجانی (قزلجی) الكردی، المدرس بمكری من بلاد الاكراد" بڵاو بووەتەوە. کاک موحەممەد لە درێژەدا کوتی: وادیارە مامۆستا قزڵجی پێش ئەوەی بڕوا بۆ بەغدا لە سابڵاغ ئەو بابەتەی ناردووە بۆ میسر.

## 6- چالاکی لە بەغدا

دوای گەڕانەوەی ئەم سەفەرە گرینگە لە میسر و نیشتەجێ بوونی لە بەغدا، واتە سەرەتای ساڵی 1932ی زایینی، مامۆستا ماندوونەناسانە دەست بە چالاکی دەکا، بەڵام پێمخۆشە ئاوازدانەوەیەکی کورتمان هەبێ لەو سەفەرەی بۆ میسری کردووە، کەسایەتی ناسراوای کورد، دوکتور موحسین عەبدولحەمید، کە لە قوتابیانی عەلامە مەلای موحەممەد قزڵجییە، ئەم ڕووداوە مێژوویە ئاوا بۆ د. عومەر عەبدولعەزیز دەگێڕێتە: "کاتێ مەلا محەممەد قزڵجی دەچێتە قاهیرە، لە زانکۆی ئەزهەر مەجلیسێکی زانستی بە سەرۆکایەتی زانای ناسراو و موفەسیری قورئان "موستەفا مەراغی" پێک دەهێنرێت بۆ چاو پێکەوتنێکی زانستی لەگەڵ مەلا موحەممەد و هەڵسەنگاندنی لێهاتن و توانای زانستی، بۆ ئەوە "الشهادة العالمية"ـی ئەزهەری پێ بدەن، کە لەو کۆڕە زانستیێەدا 100 پرسیاری گوڵبژێری زۆر قورس و گران ئاراستەی مەلا موحەممەد دەکەن و مۆڵەتی سێ ساعەتی دەدەنێ بۆ وڵامدانەوە، بەڵام کاتێک دەکەونە پرسیار کردن لێی، مەلا محەممەد هەموو پرسیارەکان بە شێوەیەکی زۆر زانستی وڵام ئەداتەوە، بە شێوەیەک کە عەلامە مەراغی شێخی ئەزهەر سەرسامی زیرەکیی و خێرایی وڵامدانەوەی قزڵجی دەبێت، بۆیە لەسەر کورسیەکەی خۆی هەڵدەستێت و دێتە خوارەوە و مەلا محەممەد دەخاتە شوێنەکەی خۆی و بە مەلا محەممەد دەڵێ: تۆ مامۆستای ئێمەی، تۆ قوتابیی نیت، تۆ بڕۆرە شوێنەکەی من دانیشە، بەڕاستی تۆ شایستەتری بەو شوێنە، من دێمە شوێنەکەی تۆ" [د. عومەر عەبدولعەزیز، 2015، ل: 131 - 132].

***1.6. لە چالاکییەکانی عەلامە قزڵجی لە بەغدا دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:***

مامۆستا مەلا موحەممەد ساڵی 1934ی زایینی کە دەچێتە بەغدا، دەبێتە مامۆستای کۆلێژی (دار العلوم) لە بەغدا، دواتر لە کۆلێژی شەریعە دەبێتە وانەبێژ، دوای ئەوە لە قوتابخانەی "عبدالقادر گیلانی" فەقێیەکی زۆری دەبن. لە هەموو لایەک ڕوویی تێدەکەن و وەک سەرچاوەیەکی زانستی کەڵکی لێ وەردەگرن.

***2.6. یەکەم:*** *مودەڕریس و وتاربێژی:* مامۆستا شانادادەخا و دەست دەکا بە وانە وتنەوە لە هەموو گەڕەک و مزگەوتەکانی ناو شاری بەغدا، دەنگ دەداتەوە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زانستی ئەو مەلا کوردە شەپۆل دەدا، جێی زانایانی کورد وەک موفتی زەهاوی و مولانا خالید نەقشبەندی" و دەیان زانای کورد پڕ دەکاتەوە، دەنگی فەقێ و ڕادەی زانستی مامۆستا، پەل داوێ بۆ سنوورەکانی تری وڵات. و وەک پەروانە، خوێندکاران و قوتابیان دەورەی دەن و لە زانستی ئەو مەلا کوردە هەڵدێنجن.

*ئەلیف): قوتابیە ناودارەکانی مەلا موحەممەد پێش ئەوەی بڕوا بۆ بەغدا*: هەر وەک لە پێشێ دا ئاماژەم پێکرد کەسایەتیە ناودارەکانی موکریان وەک پێشەوا قازی موحەممەد، مامۆستا مەلا هادی ئەفخەمزادە و شاعیری گەورەی کورد مامۆستا خاڵەمین هەموو لە سفرەی ڕەنگینی مەلا موحەممەد قزڵجی خۆشەچینیان کردوە و خاڵەمین لە مەر فێرگەی مەلا موحەممەد قزڵجی دەڵێ: "لە مەدرەسەی قزڵجێکان دوو شتی زۆر بەنرخ فێر بووم. یەکەم: یەکتاپەرستی(توحید). دووهەم: کوردایەتی. [گۆڤاری سروە، ساڵی 3، ژمارە 19].

***3.6. لە قوتابیە ناودارەکانی لەبەغدا***: لێرە ئاماژە بە چەند کەس لە قوتابیەکانی دەکەین:

1ـ نووسەر و بیرمەند و کەسایەتی ناسراوای جیهانی ئیسلام "عبدالمنعم صالح العلی" ناسراو بە "محمد احمد الراشد" خۆی دەڵێ من یەکێ لە قوتابیەکانی عەلامە مەلا موحەممەد قزڵجی بووم، لە درێژەدا ئاماژەدەکا دوای نوێژی ئێواریێ تا بانگی شێوان لە خزمەتی دا چۆکم دادەدا و نێوان نوێژی شێوان و تا خەوتنان گوێم بۆ وانەکانی تر دەگرت کە بە فەقێکانی تری دەکوت، بڕوانە: [محمد احمد الراشد، اکرم محمد الغلیان، 2010، ل: 18]

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12422]
- **Submission Date:** [**25/2/2026**], **Accepted Date:** [**2/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]

2- نووسەر و ئەدیبی موکریان، عەلامە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان ماوەیەک لە بەغدا لە خزمەت مامۆستا مەلا موحەممەد قزڵجی فەقێ بووە. [محەممەد ئەحمەدیان،2021، ل: 352] بەڕێز موحەممەد ئەحمەدیان، کوڕی حاجی مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان، پێنجشەممە ڕێکەوتی 5ی فێوریەی 2026ی زایینی، وێنەی ئەو مۆڵەتنامەی عەلامە مەلا موحەممەدی قزڵجی لە ئیختیار نام کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بغداد-تموز-١٩٥٤ رقم ....

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلوة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وأصحابه الطاهرين.

وبعد: صاحِبُنا الملا عبدالله ابن قادر الايراني البوكاني وجدناه من جَهَدة العلوم الدينية وتَعلّمَ عندنا أياماً علم دراية الحديث ومصطلحاته نرجو من الله أن يوفِّقه لخدمة الدين وتعليم المسلمين.

الأستاذ بكلّيّة الشريعة:

(محمد القزلجي١٣٧٢)

ئەو ئیجازەنامەیە لە لایان عەلامە مەلا محەمەد قزڵجی بۆ مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان نووسراوە. بەغدا 1372ی کۆچی، 1953ی زایینی.


بغداد - تموز - ١٩٥٣ رقم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلوة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله واصحابه الطاهرين

وبعد صاحبنا الملا عبدالله ابن قادر الايراني البوكاني وجدناه من

جهدة العلوم الدينية وتعلم عندنا اياما علم دراية الحديث ومصطلحاته

نرجو من الله ان يوفقه لخدمة الدين وتعليم المسلمين

الاستاذ بكلية الشريعة

محمد القزلجي

١٣٧٢

3- زانا و بیرمەند، کەسایەتی ناسراوی بزاڤی ئیسلامی، د. موحسین عەبدولحەمید. [د. عومەر عەبدولعەزیز، 2015، ل: 189]

4- کەسایەتی و عالمی ناسراوی عێراق، د. تەها جابرولعەلوان، دەرچووی زانکۆی ئەزهەر، [د. عومەر عەبدولعەزیز، 2015، ل:192]

5- نووسەر، ئەدیب، مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسی کورد، مامۆستا عەلائەددین سەججادی، [د. عومەر عەبدولعەزیز، 2015، ل: 193]

6- نووسەر و وەرگێڕی بە توانای کورد "شوکر موستەفا" چالاکترین سکرتێری گشتی (کۆڕی زانیاری کورد) لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا. خاوەنی دەیان بەرهەم بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و تورکی" [د. عومەر عەبدولعەزیز، 2015، ل: 196].

7- مامۆستا مەلا عومەر مەولوود دیبەگەیی کە تەفسیری کەششافی لای عەلامە قزڵجی خوێندویەتی.[سایتی ویکیپیدیا].

و.....

***4.6. دووهەم: چالاکی لە ڕادیۆ کوردی بەغدا***: مامۆستا تەنیا بە وانەوتنەوەی فەقێیان و قوتابیان، ئیکتیفای نەکرد؛ بەڵکە بە پێی بانگێشتی پسپۆڕان وڵامی ئەرێنیان دەداتەوە، بۆ ئەوە ئەگەر لە هاوزمانەکانی دوور کەوتوتەوە لانی کەم لە ڕێگای ئیستگەی ڕادیۆ گەلی بەشخوراوی خۆی، واتە گەلی کوردی لەبیر نەکات و لەوڕێیە ئەرکی کۆمەڵایەتی و ئایینی بگرێتە بەر. کاتێ ساڵی 1939ی زایینی ڕادیۆ بەغدا دادەمەزرێ، پاشان بەشی کوردی لە ساڵی 1951ی زایینی دەکرێتەوە، مەلا موحەممەد قزڵجی وەک یەکێ لە کارناسانی ئایینی بۆ ئەم ئیستگەیە بانگێشت دەکرێ، کە لەوێدا بابەتی، ئایینی کۆمەڵایەتی و چاکسازی فکر و ئەندێشە بڵاو دەکاتەوە. ئەم دەنگە دەگەیشتە هەموو ناوچە کوردنشینەکان، خەڵکی موکریان ئێستاش لەبیریانە و دەڵێن: وتارە بەنرخەکانی مەلا موحەممەد قزڵجی ئێستاش لە گوێچکەمان دا دەزرینگێتەوە. بەڕێز عیزەددین موستەفا، دەڵێ: "کاتی بڕیاری کرانەوەی بەشی کوردی ئێزگەی بەغدا درا، بەڕێوەبەری بەشەکە "کامیل کاکەمین" بوو، لەسەرەتا، حەوت کەسایەتی دیاری کرد بۆ پێشکەش کردنی وتار لە ئێزگەکە، بۆ حەوت ڕۆژی هەفتە، یەکێک لەوانە مەلا محەممەد قزڵجی بوو، هەروەها مامۆستا عەلائەددین سەججادی و دواتریش مەلا عومەر دێبەگەیی و دوکتۆر موستەفا زەڵمی و کەسانێکی تر" [د. عومەر عەبدولعەزیز، 2015، ل: 153-154].

**5.6. سێهەم**: چالاکی کۆمەڵایەتی و ئەندامەتی و بەشداری لە چەند دامەزراوە و ڕێکخراوەکان لە بەغدا:

د. عومەر عەبدلعەزیز لە هەمبەرچالاکی و ئەندامەتی، عەلامە مەلا موحوحەممەد قزڵجی نووسیویە:

1- یەکێ لە دامەزرینەرانی کۆمەڵەی "الهداية"، واتە: "الجمعية الهداية الأسلامية"

2- ئەندامی کۆمەڵەی ڕزگاری فەلەستین.

3- ئەندامی دامەزرێنەری کۆمەڵەی "رابطة علماء العراق"

4- سەرۆکی کۆمەڵەی "الهدى المحمدى"


5- ئەندامی دامەزرێنەری "کۆمەڵەی برایانی ئیسلامی".

6- ئەندامی دەستەی تەدریسی (دارلعلوم)ی بەغدا. [د. عومەر عەبدولعەزیز، 2015، ل: 167- 170]

**7- گەڵاڵە داڕشتنی کاری ڕۆژانە**

وێنەی (٦٢)

وێنەی دەقی ئیجازەنامەی عەللامە (شنقیطی) بۆ مەلا محەممەدی قزڵجەیی، کە لە قاهیرە پێی بەخشیوە، بەرواری کۆتایی مانگی (ژی الحجە)ی ساڵی ١٣٤٩ی پێوەیە، کە دەکاتە ١٩٣٠/١١/٢١ زاینی




مامۆستای مەلا موحەممەد بەرنامەی حەوتووانەی ئاوا دارژتووە: ئیبراهیم باجەلان دەڵێ: مەلا موحەممەد لە ژیانیدا دژی تەمبەڵی و نائومێدی بوو. حەزی لە کار و چالاکی بەردەوام بوو. کاتی بە فیڕۆ نەئەدا. لە ژیانی ڕۆژانەیدا خەوو پشووی نەدەناسی. لە مەدرەسەی گەیلانی یەکەم مامۆستا بوو کە تیایدا بەیانیان زوو دەرسی دەگوتەوە. چێشتەنگا دەچوو بۆ مەدرەسەی مزگەوتی "نائیلە خاتوون". پێش نیوەڕۆ دەچوو بۆ کۆلێژی شەریعە و موحازەرەی دەدا. دوای عەسرانیش فتوای دەدا و بەدەم کێشەی ئایینی و کۆمەڵایەتی خەڵکییەوە بوو. نیوەشەویش قورئانی لەبەر دەکرد". [پاشکۆیەکی گۆڤاری "الهداية" (ساڵی 1368کۆچی، 1949زاییني) ل: 130] هەر وەها لەم گۆڤارەدا ئاماژە کراوە، مەلا موحەممەد قزڵجی، هەفتانە لە مەڵبەندی گشتی کۆمەڵە، چەند وانەیەک لە ڕاڤەکردنی سەحیحی بووخاری، ئێوارانی ڕۆژی سێشەممە، لە نێوان بانگی شێوان و خەوتناندا پێشکەش دەکات". [هەمان سەرچاوە].

*بۆ ئاگاداری*: مامۆستا مەلا محەممەد دووکەڕەت مۆڵەتی زانستی وەرگرتووە، کەڕەتەکیش لە بەغدا سەرقاڵی وەدەستهێنانی خەرمانی زانست بووە، کەڕەتی هەوڵ، لە مەهاباد، "لە تەمەنی 18 ساڵی و لە ساڵی 1914ی زاییني لە خزمەت بابی ئیجازەی ئیفتا و تەدریس وەردەگرێ و لە مزگەوتی "حاجی سەید بایز" هەڵکەوتوو لە مەیدانی مەنگوڕان لە سابڵاغ دەبێتە مودەڕڕیس و پێشنوێژی ئەو مزگەوتە. [محەممەد ئەحمەدیان، 2021، ل: 179] کەڕەتی دووهەم، لە وڵاتی میسر و زانستگای ئەزهەر لای زانای ناودار، موفەسسیری قورئان "محمد حەبيب الله الشنقيطي" د. عومەر عەبدولعەزیز دەنووسێ: "دەقی ئیجازەنامەیەکی عەللامەی مۆریتانی، موفەسسیری ناسراوی قورئان، (شەنقیتی)م دەست کەوت کە لە کۆتایی مانگی (جمادى الآخرە)ی ساڵی 1349ی کۆچی، 21 - 11 - 1930ی زاییندا، بۆ مەلا محەممەد[قزڵجی] نووسیوە" [د. عومەر عەبدولعەزیز، 2015، ل: 182].

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12422]
- **Submission Date:** [**25/2/2026**], **Accepted Date:** [**2/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]

Scanned with CamScanner

وێنەی ئیجازە نامە، سەرچاوە: [د. عومەر عەبدولعەزیز، 2015، ل: 461].
کەرەتی سێهەم، بەو پێیەی د. عومەر عەبدولعەزیز دەنووسێ"کاتێکیش میسری بەجێ هێشتووە، لە بەغدا جێگیر بووە، ماوەیەک لای عەللامە (محمود شوکری ئالوسی) کوڕی (عبدالله) ئالوسی، واتە کوڕەزای (شهاب الدين ابوالثناء) ئالوسی، موفەسسیری ناودار[ی کورد] بووە، ئەم مامۆستایەی قزڵجی چڵ ساڵ وتاربێژی مزگەوتی ئەبوو حەنیفەی بەغدا بووە" [د. عومەر عەبدولعەزیز، 2015، ل: 183 - 184].
بە بڕوای من چەند خاڵ ڕۆڵیان هەبووە لە سازبوونی کەسایەتی مەلا محەممەد قزڵجی؛
1- گەڕانی بە وڵاتان دا، وەک ئێران، میسر، دیمشق و حیجاز و چەند وڵاتی تر.
2- ئاشنایی لەگەڵ بزاڤی کورد و ڕۆژنامە نووسی.
3- چالاکی لە ڕادیۆ کوردی بەغدا.
4- وتار نووسین بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

**8- پێشینەی ڕووناکبیریی دینی لە کوردستان**

ڕووناکبیریی ئایینی لە موکریان و تەنانەت لە سەرانسەری کوردستان؛ دەگەڕێتەوە، سەر زانایەکی گەورە و کەسایەتییەکی حەکیم و بیرمەندی کوردی کە نزیک بە دووسەد ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کردووە ئەویش "عەللامە مەلا موحەممەد ئیبنیوئادەم(1747–1836ز)"؛ بووە. هەوڵ کەسایەتی بووە لە سەرانسەری کوردستاندا کە چەخماخەی بیری ڕووناکبیری ئایینی لێداوە، دژی خورافات و ئەم بابەتانە بووە کە بە دین هەڵاوەسراوە. بەڕێز د. ئەحمەد ئەحمەدیان، نووسیویە: ڕووناکبیریی ئایینی لە کوردستانی ئێران بە عەللامە مەلا موحەممەد قزڵجی دەستپێدەکا و زەعیم و ڕێبەر و پرۆتۆتایپەکەی(بە هەردوو مانای سەر-چەشن و سەرەتا-وێنە) هەر خۆی بووە کە هەم باوکی ڕۆژنامەگەری کوردی و هەم باوکی ڕووناکبیریی ئایینی بووە لە کوردستانی ئێران. [د. ئەحمەد ئەحمەدیان، 2026، سایتی هاژە].
*لەهەمبەر کەسایەتی عەللامە ئیبنوئادەم ئاماژە بە دوو کەسایەتی دەکەین:*
**ئەلیف):** مامۆستا شێخ محەممەد خاڵ لە کتێبی«الشيخ معروف النودهي»، کە بە پێنووسی مامۆستا ئەحمەد حەواریئەسەب و لە ژێر ناوی:«زندگینامەی شیخ معروف نودهی برزنجی»، وەرگێڕدراوەتەوە سەر زمانی فارسی، لە بابەت گەورەیی و مەزنایەتی و بێوێنەبوونی عەللامە ئیبنوئادەم ئاوا دەنووسێ:

«ایشان دانشمندی بزرگ و در میدان علم و ادب یکەتاز و بی‌نظیر بود، کە علامە ابراهیم فصیح حیدری در کتاب «عنوان المجد» خود، او را نامبردە و چنین می‌گوید: " از بزرگترین دانشمندانی کە من در کودکی زمان ایشان را درک کردم -در حالی کە مهمان جدم اسعد الحیدری بود- علامەی همەی جهان و اعلم مشایخ عراق، کسی کە دارای تالیفات متعدد و تقاریر مفید، استاد همەی علوم مولانا محمد بن آدم کردی«طاب ثراه» بود، کە حضرت مولانا خالد نزد او درس خواند و همەی فُحولِ علم عراق شاگرد و طلبەی او بودند، و جدم اسعد حیدری و علامە یحیی مزوری، و علامە ملا عبدالرحمن روزبهانی کە کلا" از مشایخ و مشاهیر علم در عراق بودەاند، بە اتفاق بە فضل و تقدم او و احاطەاش بر انواع علوم اقرار کردەاند، و تقریبا" او بە منزلەی "امام فخر رازی" یگانەی زمان بود. بیش از یکصد تالیف در علوم عقلی و نقلی دارد؛ از جملە «شرح اثبات واجب»، کە دقیقترین کتاب در علم کلام است، بدون کمک از کتب دیگر و تنها از حفظ، خود تالیف کردە است. او در عصر خود معجزەی خدایی بود کە بدون اغراق اگر کتابهای علوم بطور کلی نابود می‌شدند، او می‌توانست مثل آنها را تالیف کند، از حافظەی خداداد خودش. و این ادعا مبالغە نیست، بلکە بیان واقع است کە قاطبەی علماءِ عراق آن را تصدیق و اعتراف کردەاند..»[3][الشيخ محمد خال، 1378، ل: 129 و 130].
**ب):** باباشێخ مەردۆخ ڕوحانی(شیوا) دەنووسێ: "عەللامە ئیبنوئادەم گەورە و هەڵکەوتووی زانایانی ڕۆژگاری خۆی بووە و لە بواری کێشە و وتووێژی زانستیدا کەس تۆزی نەشکاندووە و پێتۆڵانی وەک مەولانا خالید و عەللامە موحەممەدی خەتێ و مەلا عەلی وسانی، لە کۆڕی دەرسیدا بارهێناوە. [باباشێخ مەردۆخ ڕوحانی، 2011، ل: 344].
**ج):** مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان لە وتارێکدا لە ژێر سەردێری «سرزمین مهاباد»، کە لە 4 بەشدا لە حەوتەنامەی «سیروان»، لە بابەت عەللامە ئیبنوئادەمدا نووسیویە: «...علامە ابن آدم از تحصیلکردگان همین حوزەی علمیەی مهاباد بودە کە قلم و زبان و بیان و بنان از تصویر و ترسیمِ حتی یک نقش از نقوشِ عظمت و بی‌همتایی این یگانەی دهور و اعصار ناتوان است...».[4]
عەللامە ئیبنوئادەم ساڵی 1778ـی زایینی و لە تەمەنی 31 ساڵیدا هاتووەتە مەهاباد و 35 ساڵی ڕەبەق لە مەهاباد بووە، واتە تا ساڵی 1803ـی زایینی و تا تەمەنی 56 ساڵی. بڕوانە: [د. ئەحمەد ئەحمەدیان، 2026، سایتی هاژە].

---

[3] ـ بەداخەوە کتێبە کوردێکەم گیر نەکەوت و ناچار دەقی فارسێکەم وەرگێرا سەر زمانی کوردی کە مامۆستا خاڵ دەنووسێ: "ناوبراو، زانایەکی بێوێنە بوو لە گۆڕەپاتی زانست و ئەدەب. هاوتای نەبووە، کە عەللامە "فصیح حیدری" لە کتێبی "عنوان المجد"ی خۆی دا، ناوی بردوە و ئاوا دەڵێ: " لە گەورەترین زانایانێ کە لەسەر دەمی منداڵیم کە چاوم پێیکەوت ـ کاتێ کە میوانی باپیرم "اسعد الحیدری" بوو ـ زانای هەموو جیهان و لە هەموو زاناکانی عێڕاق زاناتر بوو، ئەو کەسەی خاوەنی نووسینی زۆر و هەڵسەنگاندنی زۆرە "مولانا محمد ابن آدم" ـ گۆڕی پڕ نوور بێ ـ مامۆستای هەموو زانستەکان بوو، کە مەولانا خالید [نەقشبەندی/ شارەزووری] لای وی دەرسی خوێند و هەموو زانا هەڵکەوتەکانی عێڕاق فەقێ و قوتابی وی بوونە، هەر وەها باپیرم "اسعد حیدری" و "علامە یحیی مزوری" و "علامە ملا عبدالرحمن روزبهانی" هەر هەموویان لە گەورەپیاون و ناسراوانی عێڕاق بوون. هەموویان کۆدەنگن و باس لە گەورەیی و پێشکەوتویی و شارەزایی و زاڵ بوونی بەسەر زانستەکانی وی دەکەن، وەک "امام فخر رازی" سەیری دەکرێ. زیاتر لە یەکسەد نووسراوەی لە زانستەکانی عەقڵی و نەقڵی هەیە، بۆ وێنە کتێبی "شرح اثبات وجود" کە وردترین و ڕێکوپێکترین کتێبە لە زانستی کەلام کە بەبێ کەڵک وەرگرتن لە کتێبی دیکە و لەبەر و بە بیر و مێشکی خۆی نوسیویەتی. ناوبراو لەسەر دەمی خۆی موعجیزەیەکی خودایی بوو کە بێزێدەڕوویی ئەگەر کتێبەکانی زانست لە ناو چوبایان، دەیتوانی سەرلەبەرڕا وەک ئەوانی نوسیبایەوە لەو بیرگەی خودای پێیدابوو. ئەو ئیدیعا و بانگەشەیە زێدەڕۆیی نیە. بەڵکە دەربڕینی ڕاستیە. کە بە گشتی زانایانی عێڕاق دان بەوە دادێن و بەڕاستی دەزانن

[4] ـ عەللامە ئیبنوئادەم لە فێرخوازانی ئەو قوتابخانە زانستییە بەرباسەی مەهاباد بووە کە زمان و پێنووس، هەروەها گوتار و نوویسار، توانایی کێشانەوەی تەنیا نەخش و نیگارێک لە نەخش و نیگارەکانی بێهاوتایی و گەورەیی ئەو ڕوخسار و دیمەنە بێمیناکەی زەمانە و ڕۆژگاریان نییە.

د. ئەحمەد ئەحمەدیان دەنووسێ: ئەودەمی کە دەستپێکی ئەو شێوازە لە بیر و باوەڕ و تێفکرین و قووڵبوونەوەی مەعریفی ئەو بووە، نزیکەی 260 ساڵ لەمەوبەر بووە؛ چون لەدایکبووی ساڵی 1747ی زایینی، بووە و لە هەڕەتی لاوی واتە لە تەمەنی 20 ساڵی ڕا هەڵگری ئەو ڕێبازە فیکرییە و ئەم بیرە پێشڕەوە و پێشکەوتنخوازە بووە. دوو فەقێ و شاگردی شوێندانەری هەبووە: یەکەم، مەولانا خالید کە دیارە تەریقەتەکەی بەرچاو و ڕوونە، [مەولانا خالید شانازی بەوە دەکا کە فەقێی عەللامە ئیبنوئادەم بووە] دووهەم، عەللامە مەلا موحەممەد ڕەواندزێ، ناسراوا بە "مەلای خەتێ" کە ڕووناکبیری دینی بووە؛ [ئەمانە هەر دووک فەقێی ئیبنووئادەم بوون] ئەم بیرۆکەیە لەویڕا(لە عەللامە مەلا محەممەد ڕەواندزی«خەتێ»ڕا) گەیشتووە بە «عەللامە مەلا عەلی قزڵجی» و «عەللامە مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب» کە هەر دووکیان هاوکات فەقێی عەللامە مەلا محەممەد ڕەواندزی «خەتێ» بوون؛ جگە لەمە کە مەلا عەبدوڵڵای پیرەباب هاوکات فەقێی عەللامە مەلا عەلی قزڵجیش بووە. ئەم دوو کەسایەتییە پایەبەرزە پێکەوە لەبەغدا هەم فەقێی مەلای خەتێ بوون و هەم فەقێی موفتیزەهاویش بوون. ئەم بیرە و ئەم ڕێبازە فیکرییە لە عەللامە مەلا عەلی قزڵجی ڕا بە مەلا حەمەحەسەن قزڵجی و مەلا حەمەحوسێن قزڵجی(کوڕەکانی عەللامە مەلا عەلی قزڵجی) گەیشتووە. لەوانیش ڕا بە عەللامە مەلا موحەممەد قزڵجی(کوڕی عەللامە مەلا حەمە حوسێن) گەیشتووە کە ئاماژەمان پێکرد. بەڵام چون ئەم ماوەیە، لە عەللامە ئیبنیئادەمڕا تا عەللامە مەلا حەمەحەسەن و مەلا حەمەحوسێن قزڵجی، بڵاوبوونەوەی ئەم بیر و ڕێبازە زۆر بە ئاشکرایی نەبووە و ئەو فیکر و بیرە لەم ماوەیەدا پتر بیرێکی خۆمانە و تەواو سنووردار بووە، لە باری شێوازناسیی لێکۆڵینەوەوە، بەرەی هەوەڵی ئەم قوتابخانەیە لە کوردستانی ئێران، لە عەللامە مەلا موحەممەد قزڵجی و هاوبیر و هاوتەمەنەکانیڕا دەست پێ دەکا؛ *بەرەی دووهەم*: مامۆستا مەلا هادی ئەفخەمزادە، مامۆستا مەلا عەبدولحەمید عەبقەری و مامۆستا مەلا سەید عەبدولحەمید حەمیدی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان. هەڵبەت نابێ لەبیرمان بچێ، هاوڕێ لەگەڵ عەللامە مەلا محەممەد قزڵجی، مامۆستا مەلا حوسێن مەجدی، مامۆستا مەلا حوسێن موستەفەوی تایربۆغەیی و مامۆستا مەلا ئەحمەد فەوزی، ئاوانەش هەموویان بەرەی یەکەم لەئەژمار دێن؛ بەڵام لە نێوان ئەم چەند کەسایەتییەدا، عەللامە مەلا موحەممەد قزڵجی، چووەتە بەغدا و پەرەی بەو بیرە داوە و شوێندانەرترین و زاناترین و ڕووناکبیرترین کەسایەتیی ئەو بەرەیە بووە، ئەو تەنانەت ئاڵوگۆڕی لە دنیای ئیسلامدا بەدی هێنا، بوو بە موفتی ئەعزەمی بەغدا، بوو بە مامۆستای زانستگای بەغدا و زانستگای شەریعەت؛ *نەسلی سێهەم*: مامۆستا مەلا شێخعیزەددین حوسێنی، مامۆستا مەلا عەبدولکەریم شاریکەندی، عەللامە مەلا محەممەد وەڵزی و مامۆستا مەلا عەبدوڕڕەحمان تاهیری (مەلای مەرخوز). [د. ئەحمەد ئەحمەدیان، 2026، سایتی هاژە].

د. عومەر عەبدلعەزیز، دەنووسێ: " ئەم مامۆستایە [مەلا موحەممەد قزڵجی] ڕچەشکێن بووە لە بوواری چاکسازی بیری ئیسلامی بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان و لەو ڕووەوە هاوشێوەی مەلا موحەممەدی جەلیزادەی کۆییە، بۆ بەشی باشوری کوردستان" [د. عومەر عەبدولعەزیز، 2015، ل: 57].

**9- بەرهەمەکانی مامۆستا قزڵجی**

مامۆستا هەر ئەوکاتەی مەلایەکی گەنج بووە، هۆگری بە نووسین بووە. هەستی بەو کەلێنە کردوە کە زۆرێ لە زانایانی کورد بەداخەوە ئاوڕیان لەو بەشە نەداوەتەوە.

مامۆستا گیو موکریانی نووسیویەتی: مەلا محەممەد قزڵجی (تورجانی) لە کاتی فەرمانڕوایی قارەمانی کوردستان ئیسماعیلخانی سمکۆدا خاوەندی ڕۆژنامەی کوردی بوو، بەندە خۆم دیتوومە لە کەناری قولینچک و حاشیەی کتێبانیدا لە سابڵاغ، لە جەنگەی زەبروزەنگی ڕەزاشادا بە کوردی دەینووسییەوە و باکی لەکەس نەبوو." [گیو موکریانی، گۆڤاری هەتاو، هەولێر ژمارە (162)، 1ی ئەیلولی1951.]


***لەبەرهەمەمەکانی دەتوانین ئاماژە بەم کتێبانە بکەین:***

1- التعريف بمساجد السليمانيه، سەرەتای ساڵی 1938ی زایینی لە لایان چاپخانەی "النجاح" لە بەغدا چاپ کراوە. ئەم کتێبە بە زمانی عەڕەبیە. لەم کتێبەدا پەرژاوەتە سەر مزگەوت و وتار بێژانی سلێمانیە، هەر وەها حوجرە و فێرگە ئایینێکان. لەناو ئاخنی کتێبەکەی ڕەخنە دەگرێ لە زانایانی کورد کە بۆچی ئاوڕیان لە زمای کوردی نەداوەتەوە.

گازەندەی هەیە بۆ،مێژووی زانایانمان تۆمار ناکەین؟ ناوی چەند بنەماڵەێ زانیاری کورد باس دەکا، وەک: دینەوەرییەکان، شارەزوورییەکان، شنۆییەکان، چۆڕییەکان و دەیان بنەماڵەی تر.

د. عومەر عەبدولعەزیز لەمەڕ ئەو کتێبە دەنووسێ: "لە نیوەی دووهەمی کتێبەکەوە، دەچێتە سەر باسی ناساندنی سلێمانی و گەڕەکەکانی و ئاماژە دەکات کە سلێمانی لەو کاتەدا - 1938، کە کتێبەکەی تێدا نووسیوە لە شەش گەڕەکی سەرەکی پێک هاتووە، کە بریتین لە گەڕەکەکانی: مەڵکەندی، گوێزە، دەرگەزێن، کانێسکان، سەرشەقام و جوولەکە... مزگەوتەکانی 36 مزگەوت بوون... ناوی هەموو پێشنوێژ و مودەڕڕیسەکان ناو دەبات. [د. عومەر عەبدولعەزیز، 2015، ل: 211- 212].

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12422]
- **Submission Date:** [**25/2/2026**], **Accepted Date:** [**2/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]


التعريف

بمساجد السليمانية ومدارسها الدينية

كتاب ممتع يتضمن تراجم عدد من العلماء

مع إلمام بتاريخ الامراء البابانية

وذكر مساجد السليمانية ومدارسها ومدرسيها الى غير ذلك

بقلم

محمد القزلجي

مدرس مدرسة جامع حسين باشا

في بغداد

ذي القعدة ١٣٥٦ كانون الثاني ١٩٣٨

طبع في مطبعة النجاح

Scanned with CamScanner

2- الأربعين النوويه باللغة الكردية، ساڵی 1935 له عێراق چاپ کراوه.
3- شرح ربع مجيب، لەئەستێره ناسیدا
4- شرح لباب الأشارات، ئیمام فەخری ڕازی
5- التعليق على تفسير الزمخشری.
6- کۆمەڵێ وتاری ئایینی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی بە زمانەکانی عەرەبی و فارسی لە گۆڤارەکان.

**10- بنەماڵەی ماموستا**

بەڕێز موحەممەد ئەحمدیان دەنووسێ: بە پێی ئاگاداری ڕێزدار کاک "موحسین قزڵجی" مامۆستا مەلا محەممەد قزڵجی سێ جاری ژن هێناوە، ژنی هەوەڵی لە سابلاغ هێناوە و کچی شێخولئیسلامی ئاجیکەند بووە، لەو ژنە کچێکی بووە بە ناوی "ڕەزیە خانم قزڵجی" کە هاوسەری "حەسەن قزڵجی" نووسەر و ڕۆمان نووس بووە و ساڵی 1389ی هەتاوی لە بۆکان ماڵاوایی لە ژیان کردوە، مامۆستا لە عێراق دوو جاری ژن هێناوە یەکیان عەرەب و یەکیان کورد بووە، ئێستا یەکێک لەو هاوسەرانە لە ژیاندایە و ناوی "حەبیبەخان" و لە کوردەکانی خانەقینە. [محەممەد ئەحمەدیان، 2021، ل: 207].

**11- کەسایەتی مەلا محەممەد قزڵجی**


یەکێک لە فەقێکانی مامۆستا مەلا محەممەدی قزڵجی عەللامە قازی محەممەدی خزری لە "تاریخ مشاهیر جهان اسلام" ئاوا دەنووسێ: "قزلجی رحمة الله تعالی استادی فاضل و ریاضیدان، در فنون گوناگون معقول و منقول جامع" لە درێژەدا دەنووسێ: "حقیر همراه حاج ملا نصرالله زینوه شیخ و ملا محمدامین برهانی، هندسه و علم‌الحدیث درایتی و روایتی و فلسفه و ریاضی را اعم از تشریح و اسطرلاب و اشکال التأسیس و نخبة‌الفکر عسقلانی و منظومه پدر بزرگوار حضرت استاد و لباب الأشارات و بخاری شریف را از آن استاد دانشمند کسب نمودم و موقع مسافرت ایشان به مصر، حقیر به اشنویه مراجعت کردم. استاد ملا محمد علاوه بر فضایل علم و دانش و نجابت خانوادگی و زکاء ارثی، شخصی با وقار و ادیب و شیرین سخن و متدین و رئوف و شریف‌النفس بودند، قرآن مجید را غالبا با قسمتی از بخاری شریف و چند رساله از علم‌الحدیث، قبل از تشریف بردن به مصر حفظ فرمودند."[5][عەللامە قازی محەممەد خزری، 1368ی هەتاوی، بەرگی: 2، ل:1399].

لە نووسراوەکانی مامۆستا مەلا محەممەد قزڵجی دەردەکەوێ؛ ڕاشکاوانە ڕەخنەی هەبوو لە نووسەرانی کورد بۆچی گرینگی بە زمانی کوردی نەداوە؟! دوکتۆر مارف‌خەزنەدار لە بارەی مەلا محەممەد قزڵجی دەنووسێ: "مەلایەکی دیار و بەناوی وەک مەلا محەممەدی قزڵجی لەبابەت مەلا گەورەکانی کورد دەڵێ: دانراوەکانیان و بەرهەمی بیریان هەموو بە زمانی عەرەبی بوو، هیچ بایەخێکیان بە زمانی خۆیان نەداوە." [د. مارف خەزنەدار، 2010، ب: 1، ل:63].

- ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی 20ی ڕێبەندانی 1404ی هەتاوی (بەرامبەری 9ی فێورییەی 2026ی زایینی) سەبارەت بە کەسایەتی و ژیانی عەللامە مەلا محەممەد قزڵجی، لە نووسەر، لێکۆڵەر و زمانناس، "دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان"م و پرسی و گوتی: "سڵاو مامۆستا گیان، دوای گەڕان و پەیجۆری و بەدواداچوون و بەراورد و لێکدانەوەی وردبینانە و لێکۆڵەرانە، بۆ دۆزینەوەی وڵامی ئەو پرسیارانەی جەنابت، ئەوا بەم ئاکامە گەیشتم کە: عەللامە مەلا محەممەد قزڵجی ڕێک ڕێک لە سەرەتای ساڵی 1296ی هەتاوی/ 1917ی زایینی[=هاوڕێکەوت لەگەڵ کۆچی دوایی عەللامە مەلا محەممەدحوسێنی باوکی]، هەتا

[5] - خوالێخۆشبوو [عەللامە مەلا محەممەد] قزڵجی، مامۆستایەکی هەڵکەوتە و بیرکارێکیزانا، لە هەموو زانستە جۆراوجۆرەکانی مەعقوول و مەنقوول بووە" دوایە دەنووسێ: "بەندە [محەممەدی خزری] هاوڕێ لەگەڵ مەلا نەسروولڵای زینوێ شێخی و مەلا حەمەدەمینی بوڕهانی، [زانستی] هەندەسە(ئەندازیار) و فەرموودە ناسی ئاگایی و گێڕانەوە(علم الحديث درايتی و روايتی) و فەلسەفە و بیرکاری بە گشتی کتێبەکانی "تشریح" و "اسطرلاب" و "اشکال التأسیس" و "نخبةالفکر"ی عسقلانی و "منظومە" بابی زۆر بەڕێزی و "لباب الأشارات" و "بخاری شریف"ـمان لای ئەو هەڵکەوتەیە خوێند و ئەو زانستانەمان دەستکەووت. کاتی سەفەری بەڕێزیان بۆ وڵاتی میسر، من گەڕامەوە شاری "شنۆ". مامۆستا مەلا محەممەد جیا لە گەورەیی و زانست و ڕەسەنایەتی بنەماڵە و زیرەکی ماڵباتیان، کەسێکی سەنگین و ئەدیب و خۆش‌وێژ و بەدین و دڵسۆز و مەزن بوون. بەر لە چوونی بۆ وڵاتی میسر، زۆربەی قورئان و بەشێک لە "بخاری شریف" و چەند نامیلکەی لە زانستی فەرموودەناسی لەبەر بوو.

کۆتاییەکانی ساڵی 1309ی هەتاوی/1930ی زایینی[=هاورێکەوت لەگەڵ هیجرەت و کۆچە مێژووییەکەی بۆ باشوور و بۆ میسر و بۆ بەغدا]؛ بە ماوەی نزیک بە 14 ساڵ دەرسوێژ و پێشنوێژ و ئیمامی مزگەوتی حاجی سەید بایەزیدی ساباڵوغی ئەوکات و مەهابادی ئێستا بووە. عەللامە مەلا محەممەد قزڵجی، بۆ ماوەی 2 ساڵ لە زانستگای «الازهر»ی میسر بووە؛ موفەسسیری ناوداری قورئان، مامۆستا موستەفا مەراغی، سەرۆکی لێژنەی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانستیی عەللامە مەلا محەممەد قزڵجی بووە و دوای پرسیار و موساحەبە و مونازەرەی عیلمیی دوورودرێژ و وەڵامدانەوەی قووڵ و وردبینانەی عەللامە قزڵجی بە هەموو پرسیارەکان و شرۆڤە و شیکاریی زانستییانە و لێکۆڵەرانەی هەموو بابەتەکان، مامۆستا مستەفا مەراغی لە کورسییەکەی خۆی هەڵدەستێ و دەڵێ دەبێ تۆ بێی لێرە دانیشی چون تۆ مامۆستای هەموومانی! ئیدی ئاوا «الشهادة العالمیه» ی دەدرێتی. مەلا محەممەد قزڵجی،جیا لە ڕۆژنامەی «ڕۆژی کورد»، کە بە کوردی نووسیویەتی، هەروەها لە هەوەڵ کەسایەتییەکانی کورد بووە کە کتێبی بە کوردی نووسیوە و چاپی کردووە. کتێبی «چل فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ)»ی بە کوردی لە ساڵی 1314ی هەتاوی/1935ی زایینی نووسیوە و هەر لەوساڵەشدا، لە بەغدا چاپ و بڵاو کردووەتەوە




- ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی 20ی ڕێبەندانی 1404ی هەتاوی (بەرامبەری 9ی فێوریەی 2026ی زایینی) سەبارەت بە کەسایەتی و ژیانی عەللامە مەلا محەممەد قزڵجی، لە نووسەر، لێکۆڵەر و زمانناس، "دوکتور ئەحمەد ئەحمەدیان"م و پرسی و گوتی: "سڵاو مامۆستا گیان، دوای گەڕان و پەیجۆری و بەدواداچوون و بەراورد و لێکدانەوەی وردبینانە و لێکۆڵەرانە، بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەی جەنابت، ئەوا بەم ئاکامە گەیشتم کە: عەللامە مەلا محەممەد قزڵجی ڕێک ڕێک لە سەرەتای ساڵی 1296ی هەتاوی/ 1917ی زایینی[=هاورێکەوت لەگەڵ کۆچی دوایی عەللامە مەلا محەممەدحوسێنـی باوکی]، هەتا
کۆتاییەکانی ساڵی 1309ی هەتاوی/1930ی زایینی[=هاورێکەوت لەگەڵ هیجرەت و کۆچە مێژووییەکەی بۆ باشوور و بۆ میسر و بۆ بەغدا]؛ بە ماوەی نزیک بە 14 ساڵ دەرسوێژ و پێشنوێژ و ئیمامی مزگەوتی حاجی سەید بایەزیدی ساباڵوغی ئەوکات و مەهابادی ئێستا بووە. عەللامە مەلا محەممەد قزڵجی، بۆ ماوەی 2 ساڵ لە زانستگای «الازهر»ی میسر بووە؛ موفەسسیری ناوداری قورئان، مامۆستا موستەفا مەراغی، سەرۆکی لێژنەی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانستیی عەللامە مەلا محەممەد قزڵجی بووە و دوای پرسیار و موساحەبە و مونازەرەی عیلمیی دوورودرێژ و وەڵامدانەوەی قووڵ و وردبینانەی عەللامە قزڵجی بە هەموو پرسیارەکان و شرۆڤە و شیکاریی زانستییانە و لێکۆڵەرانەی هەموو بابەتەکان، مامۆستا مستەفا مەراغی لە کورسییەکەی خۆی هەڵدەستێ و دەڵێ دەبێ تۆ بێی لێرە دانیشی چون تۆ مامۆستای هەموومانی! ئیدی ئاوا «الشهادة العالمیه» ی دەدرێتی. مەلا محەممەد قزڵجی،جیا لە ڕۆژنامەی «ڕۆژی کورد»، کە بە کوردی نووسیویەتی، هەروەها لە هەوەڵ کەسایەتییەکانی کورد بووە کە کتێبی بە

کوردی نووسیوە و چاپی کردووە. کتێبی «چل فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ)»ی بە کوردی لە ساڵی 1314ی هەتاوی/1935ی زایینی نووسیوە و هەر لەوساڵەشدا، لە بەغدا چاپ و بڵاو کردووەتەوە.
لە ساڵی 1328ی هەتاوی/1949ی زایینیڕا بۆ ماوەی 10 ساڵ و تا کاتی کۆچی دواییەکەی لە ساڵی 1338ی هەتاوی/1959ی زایینی، سەدان وتاری بە زبانی کوردی و عەرەبی بۆ ڕادیۆ بەغدا نووسیوە و بەشێکی زۆری لە وتارانەش لە گۆڤارەکانی ئەوکاتی عێراق، بە کوردی و عەرەبی چاپ و بڵاو بوونەتەوە."

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس دەنووسێ: " إنه کان له بصیرة بالتاریخ و قابلیة للاستنتاجات، اراد اصلاح شئون تدریس مملکته فلم توافقه الظروف" [عبدالکریم محمد المدرس، 1389، ل: 523].

گۆڤاری "گرشەی کوردستان" دەنووسێ: "مەلا محەممەد تورجانی (قزڵجی) ڕەحمەتی، عالمێکی گەورەی ئایین بووە، لە مزگەوتی حاجی سەیدبایز لە ساباڵاغ مودەڕڕیس بووە، حکوومەتی ڕەزاخان لێی تووڕە بووە، هەندێ لە مەلاکانی ساباڵاغیش بەخیلیان بە عیلم و فەزلی دەبرد، ئەوەندەیان شوفار لێکرد، تا ئاخرێکەی ڕژێمی ڕەزاخان زۆری بۆ هێنا و ناچار بوو چووە میسر." [ساڵح ئیبراهیمی، 1360 /1981، ل:8]

**12- کۆچ**

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**, **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12422]
- **Submission Date:** [**25/2/2026**], **Accepted Date:** [**2/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]

مامۆستا مەلا موحەممەد قزڵجی دوای 63 ساڵ تەمەنی پڕ خێر و بەرەکەت لە ڕۆژی دووشەممە، یازدەی ڕەبیعولئەوەلی 1379ی کۆچی بەرامبەر بە 14ی ئەیلوولی 1959ی زایینی و ڕەزبەری 1338ی هەتاوی لە شاری بەغدا دڵی لە لێدان کەوت و چرای ژیانی گوژاوە، بەڵام شوکری خوا و جێی پێزانینە ئەم کەلێنە تا ڕاددەیەکی زۆر بە کەسایەتی ناوداری کورد مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودرڕیس پڕ کراوە، مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودرڕیس لە کتێبی "بنەماڵەی زانیاران"دا دەنووسێ: " دوای ئەوە شێخ محەممەد قزڵجی ساڵی 1379ی کۆچی لە جیهان دەرچوو، لەبەر ئەوە شوێنی دەرس کوتنەوەی شێخ محەممەد قزڵجی چۆڵ بوو، ئەو جێگەیە خرایە موسابقە و ئیمتیحانم دا و دەرچووم و کرام بە مامۆستای ئەو شوێنە." [ملا عبدالكريم مدرس، چاپخانەی شفیق بەغدا، ل: 44].

## 2.ئەنجام:

بە کورتی بە پووختی لەم لێکۆڵینە بەم ئەنجامە دەگەین هەر لەو ڕۆژەی بەغدا دروست کراوە، بۆتە مەکۆی زانایانی کورد و گەلێ خزمەتی نەبڕاوەیان بە دنیای ئیسلام کردوە. ئەوەش وای لێنەکردوون گەلەکەیان لەبیر بچێتەوە، یەکێ لەوانە مەلا محەممەد قزڵجی کە توانیویەتی دەرگای وتوێژ و ڕاوێژکاری بکاتەوە، و ڕۆچنەیەک بەرەو دنیای هەست و زانست لە بەغدا ئاوەڵاکاتەوە. لەپەنا ئەم چالاکیانە، بتوانێ هاوڕێی لەگەڵ کاری ئایینی کاری ڕۆژنامەگەری و چالاکی مەدەنی بنوێنێ.

مەلا موحەممەد قزڵجی،

قزڵجی، لە مانگی موحەڕڕەمی 1313ی کۆچی مانگی(1896م. ز) لە گەڕەکی ڕەزگەیان، نزیک مزگەوتی ڕۆستەمبەگی مەهاباد لە دایک دەبێ، ساڵی 1922 ی زایینی هاوکاری شۆڕشەکەی سمکۆی شکاک و سەر نوسەری ڕۆژنامەی (کورد)، ئۆرگانی (مەملەکەتی کوردستان)ی سمکۆ دەبێ. مامۆستای پێشەوای شەهید قازی محەممەد بووە، خاوەنی بڕوانامەی زانایی جیهانی زانکۆی (ئەزهەر) بووە. لە ئێزگەی کوردی بەغدا دەیان وتاری بە زمانی کوردیی هەبووا. خاوەنی پڕۆژەی چاکسازیی فیکریی و زانستیی ئیسلامی بووە. مامۆستای دەیان زانا و بیرمەندی هەڵکەوتووی عێراق و کوردستان بووە.

دوکتۆر عومەر عەبدولعەزیز دەنووسێ: مامۆستای کۆلێژی شەریعە و کۆلێژی (دار العلوم)ی بەغدا بووە، یەکێکە لە حەوت دامەزرێنەری ڕێکخراوی (برایان)ی عێراق.. سەرۆکی ڕێکخراوی (الهدى المحمدی) و ئەندامی: (رابطة علماء العراق) و (الأخوة) و (الهداية) و (جمعية انقاذ فلسطين) بوو. [د. عومەر عەبدولعەزیز، ڕووبەرگ، 2015 ].

*ئەمەی کە عەللامە مەلا محەممەد قزڵجی جیادەکاتەوە زۆرن لەوان؛*

1- یەکەم کەس بووە لە موکریان شێعری نیشتیمانی و نەتەوایەتی کوتووە.

2- بیری لە کردنەوەی قوتابخانەیەکی فیکری و زانستگایەکی گەورەی بۆ کوردستان کردۆتەوە و بۆیە بە وڵاتان دا گەڕاوە.

3- هەوڵ کەسایەتییەکانی کورد بووە کە کتێبی بە کوردی نووسیوە و چاپی کردووە.

## 3. پێشنیار

بە گەشەو ناساندن و تێگەیاندن و پێگەیاندنی ئاستی بەرزی کۆمەڵگای کوردەواریمان چەند خاڵ پێشنیار دکەم:

1- زانستگای بەغدا و زانستگای سلێمانیە بە تایبەتی کۆنفرانسی بۆ ئەو کەسایەتیە بەڕێوە بەرن.

2- زانکۆیەک، یا شەقامێک لانی کەم لە مەهاباد و سلێمانە بە ناوی مەلا محەممەد قزڵجی بکرێت.

3- بزاڤی کوردی ئاوڕدانەوەیەکی جیدیان لە سەر حوجرە و بنکە ئاینیکان هەبێ، کە هەڵگری بیری نەتەوایەتی، ڕۆژنامەنووسی و شێعر و ئەدەبیاتی کوردی بوونە. جیلی نوێ تەواو بێگانەیە لەگەڵ ئەم بەشە لە مێژووی کورد. کە جێی خەسارە، کە ڕاستیدا لە کوردستان، سەرهەڵدانی ئەدەبیات، شێعر، پەخشان و هەستی نیشتمان دۆستی و تەنانەت هاتنە گۆڕەپانی سیاست لە بنکەئاینیکان و حوجرەوە بووە.

4- مامۆستا و فەقێکان هەوڵ بدەن وەک جاری جاران، کاری داهێنانیان لەبەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ببێ، وەک جاری جاران پەرژان و ئاوڕدانەوەی زیاتریان هەبێ بۆ گەلەکەیان.

**وشەبژێر**: مەلا موحەممەدی قزڵجی، موکریان، سمکۆ، پێشەوا، مەهاباد، ئیبنوئادەم، ڕۆژنامەنووس، بەغدا، ڕادیۆ

## Abstract

Throughout history, Kurdish scholars have played a significant and important role in the sphere of science and culture in "Baghdad."

Baghdad, as an important center of Islamic civilization, demonstrated its role; from the era of its construction, it became a scientific and cultural hub of the Islamic world. Due to the geographical location of Kurdistan between Iran and Mesopotamia, Baghdad became the second Arabic city and the capital of the Abbasids, and a gateway was opened toward Kurdistan.This became a reason for this fact that Kurdish scholars to have greater connections with the centers of thought and knowledge in Baghdad.

One of these figures is Allamah Mullah Mohammad Qezlji (1895–1995), who was born in the city of Mahabad in Eastern Kurdistan. Due to his activities and competence, he gained the approval of Al-Azhar University and was awarded an academic degree. However, due to political activities, he was unable to return to the East of Kurdistan, and because of his wisdom and knowledge, he was invited to Baghdad. There, he became the head of the organization "Al-Huda Al-Muhammadi," and later, in the Kurdish

Broadcasting of Baghdad, numerous of his articles were published in the Kurdish language.
In this research, an effort has been made, using a descriptive-analytical method, to highlight the role of Allamah Qezlji in the project of intellectual and scientific Islamic reform. A brief reference is also made to the most influential student of Allamah Qezlji, Leader Qazi Muhammad, and some of the other Islamic students(=faghê

**Keywords:** Baghdad, Civilization, Qazlji

## الملخص

كان للعلماء الكرد عبر التاريخ دورٌ بارزٌ ومؤثّرٌ في ميادين العلم والثقافة في مدينة بغداد، و شكّلت بغداد بوصفها أحد أهم مراكز الحضارة الإسلامية، منذ تأسيسها مركزاً علمياً وثقافياً في العالم الإسلامي. ونظراً للموقع الجغرافي لكردستان بين إيران وبلاد ما بين النهرين، غدت بغداد ثاني أكبر مدينة عربية وعاصمةً للخلافة العباسية، كما أصبحت بمنزلة بوابةٍ نحو كردستان؛ الأمر الذي أسهم في توثيق الصلات العلمية والفكرية بين العلماء الكرد والمؤسسات والمراكز المعرفية في بغداد.
ومن أبرز هذه الشخصيات العلّامة الملا محمد قزلجي (1895–1995)، الذي وُلد في مدينة مهاباد الواقعة في كردستان إيران. وقد حظي، بفضل نشاطه العلمي وكفاءته المعرفية، باهتمام جامعة الأزهر في مصر، ونال درجةً علميةً منها؛ غير أنّ انخراطه في العمل السياسي حال دون عودته إلى كردستان إيران. ونظراً لما عُرف به من علمٍ واقتدار، دُعي إلى بغداد حيث تولّى رئاسة منظمة «الهدى المحمدي». كما ألقى عشرات المحاضرات باللغة الكردية، بُثّت عبر إذاعة بغداد.
وتسعى هذه الدراسة، اعتماداً على المنهج التحليلي الوصفي، إلى تبيين دور العلّامة قزلجي في مشروع الإصلاح الفكري والعلمي الإسلامي، مع الإشارة إلى أبرز تلامذته، وهو القائد الكردي قاضي محمد، فضلاً عن عددٍ آخر من تلامذته.

**الكلمات المفتاحية:** بغداد؛ الحضارة الإسلامية؛ قزلجي

## 4.سەرچاوەکان:

1- محەممەد ئەحمەدیان، پێشەنگانی بیروباوەڕ، مێژووی زانایانی ئایینی موکریان، انتشارات کردستان،2021، ل: 108.
2- حەسەن قزڵجی، پێکەنینی گەدا، پێشەکی، مامۆستا هێمن.
3- مامۆستا هەژار، چێشتی مجێور، چاپی دووهەم 2007.
4- شەرەفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، وەرگێراوی، مامۆستا هەژار چاپخانەی جەواهیری، تاران، 1981، پەراوێز.
5- سەیید محەممەد حەمیدی، ڕۆژنامەی کوردستان، مەلا عەلی قزڵجی، 1946]
6- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، سەدەیەک تەمەنی نوورین، بە پێنووسی خۆی بناسە، ئامادەکردنی عەبدولئائیم مەعروف هەورامانی، بڵاوکراوەکانی تیشک، 12 ،2007- زایینی - 1428کۆچی.
7 ـ د. هیمداد حوسێن، ڕۆژنامەنووسی کوردی سەردەمی کوردی کۆماری دیموکراتی ئێران، سلێمانیە، سەردەم، 2002، ل: 67، و هەر وەها: اوضاع ایران در جنگ اول یا (تاریخ رضائیه) به قلم محمد تمدن، انتشارات مطبوعاتی تمدن 1305ش.
8 ـ گیو موکریانی، کەشکۆڵی گیو، بەرگی 2، ل: 176-177، چاپخانەی ڕۆشنبیری لاوان، 1988، بەغدا.
9- دوکتۆر عومەر عەبدولعەزیز، مەلا محەممەدی قزڵجی، زانا و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنوس، 215.
10 ـ گۆڤاری سروە، ساڵی 3، ژمارە 19.
11- پێگەی ئیلیکترۆنیکی نووسەر، هەروەها: التربیة العلاجیة فی ضوء الداعیة محمد احمد الراشد، اکرم محمد الغلیان، 2010.
12 ـ دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان، تایبەتمەندێکانی بیٚهاوتای "حوجره"، مەکۆی پێگەیاندنی پرۆفیسۆر فازیلی و هاوشێوەکانی، سایتی هاژە.
13 ـ مامۆستا شێخ محەممەد خاڵ لە کتێبی«الشیخ معروف النودهی»، کە بە پێنووسی مامۆستا ئەحمەد حەواریئەسەب، وەرگێرانی فارسی، انتشارات کردستان، ساڵی 1999ی زایینی.
14 ـ مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان، سرزمین مهاباد، حەوتەنامەی «سیروان»، ساڵی 2003ی زایینی، بەشی 4، ژمارە 247.
15 ـ پاشکۆی گۆڤاری "الهدایة" (ساڵی 1368کۆچی، 1949زایینی).
16 ـ مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، بنەماڵەی زانیاران، چاپخانەی شفیق بەغدا.
17- علامه قاضی محمد خضری، تاریخ مشاهیر جهان اسلام، 2004ی زایینی، انتشارات حسینی اصل.
18- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، ڕۆژگاری ژیان، ئامادەکردنی، ڕەئووف مەحموودی، 1394ی هەتاوی، انتشارات کردستان.
19- دوکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، 2010، بڵاوکراوەی ئاراس، بەرگی 2، چاپی دووهەم.
20- مینۆرسکی و کورد، نووسەر: ولادیمیر مینورسکی، انتشارات مانگ، 2018ی زایینی، وەرگێر: ئەنوەر سوڵتانی.
21- عبدالکریم محمد المدرس، علماءنا فی خدمة العلم و الدین، ، 2014، دار احیاء التراث العربی،
22- محەممەد ساڵح ئیبراهیمی، گۆڤاری گرشەی کوردستان، خاوەنئیمتیاز، 1360 /1981، ژمارە 9، تاران.
23- بابا شێخ مەردۆخ ڕۆحانی(شیوا)، مێژووی ناودارانی کورد، وەرگێرانی ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، 2011، ئاکادیمیای کوردی هەولێر.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](://sjh.univsul.edu.iq/), **Conferance Name[Kurdish scholars in Baghdad were pioneers of thought and sources of knowledge.]**], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12422]
- **Submission Date:** [**25/2/2026**], **Accepted Date:** [**2/4/2026**], **Published Date:** [02/08/2026]